

# مۆنۆلۆژی درۆ و راستییەکان

باران

بەدەیان کتێب و بڵاوکراوەی پڕ لە کۆمێنت نوسراون، بەڵام رووداوەکە هیچ وەسفێکی فەلسەفی نایگرێتەوە. کەسێك پێیوتم رەنگە ئەوەت خوێندبێتەوە، کە گرفتی چێرنۆبل وەك گرفتی تێگەیشتنە لەخود. پێدەچێت ئەوە راست بێت. لەچاوەڕوانی کەسێکی زرنگدام تا راڤەی شرۆڤەی ئەو شێوازەم بۆ بکات، کە لەبارەی ستالین و لینین و بەلشەفییەوە پێیانوتوم، یان ئەو شێوازەی کە بەردەوام دەستەواژەی بازار!بازاڕ! بازاڕی ئازاد دووبارە دەکەنەوە، بەڵام ئێمە لەجیهانی بێ چێرنۆبلدا گەورە بووین هێشتا لەسایەی چێرنۆبلدا دەژین. پیشەی راستەقینەم تایبەتە بە موشەکەکانەوە، من پسپۆڕی سووتەمەنی موشەکم، لەناوەندێکی موشەك هەڵدان لەبایکۆنەر خزمەتدەکەم. پرۆگرامەکانی وەك کۆزمۆس و ئینتەرکۆزمۆز بەشێکی گەورەی ژیانیان داگیرکردوم. رۆژگارێکی بێزارکەربوو! خەڵکی ئاسمان، جەمسەری باکوور، هەموو شتێك دەبەخشن و!ئەوانیش بۆشایی ئاسمانیان پێدەبەخشرێت! هەر تاکێکی یەکێتی سۆڤییەتی بەیاوەری گاگارین سەردانی بۆشایی ئاسمانی کردووەو لەگەڵ ئەودا لە

هەسارەی زەوی جیابوونەتەوە. بەراستی هێشتا گیرۆدەی خۆشەویستی ئەو پیاوە رووسیەین، کە کابرایەکی ناوازە و خاوەنی خەندەیەکی جوان بوو، تەنانەت مردنەکەشی ئامادەکارییەکی باشی بۆکرابوو. رۆژگارێکی بێزارکەربوو! لەبەر چەند هۆیەکی بنەماڵەیی رووم لەبیلاروسیا کرد و لەوێ کۆتاییم بەئەرکەکەم هێنا. کاتێك گەیشتم تێکەڵ بەجیهانی چێرنۆبل بووم، کە ئەوەش هەڵسەنگاندی هەستکردنم بوو بەشتەکان.

دیارە مەحاڵ بوو خەیاڵ لەشتێکی وەها بکەیتەوە سەرباری ئەوەی بەردەوام مامەڵەم لەگەڵ نوێترین جۆرەکانی تەکنەلۆژیا کردوە، تەکنەلۆژیای ئەتمۆسفێر. سەختە بۆمن شرۆڤەی ئەوە بکەم، کە لەگەڵ خەیاڵدا نایەتەوە. لەیەکەمین ساتەوە، وێنای ئەوەم کرد کە لەدەستمدایە، تەنیا لەیەکساتدا کە پاڵنەرمە بۆ فەلسەفاندن. گرنگ نییە لەگەڵ کێ لەبارەی چێرنۆبلەوە دەدوێیت، هەمووان دەیانەوێت بفەلسەفێنن، بەڵام من دەمەوێت ئەوەی پەیوەستە بەکارەکەمەوە بۆت باسبکەم. ئەوە چییە کە نایکەین!

کۆمەك کۆدەکەینەوە، سەردانی ئەو نەخۆشانە دەکەین، کە لەسەرەمەرگدان. مێژوو دەنووسین، مۆزەخانە دروستدەکەین. ئەو بڕوایەم لا دروستببوو، لەتوانامدا نابێت ئەو وەزیفەیە ئەنجامبدەم. رێنمایی یەکەمینم ئەوەبوو: پارە کۆبکەمەوەو لەنێوان 35خێزاندا دابەشیبکەم، واتە لەنێوان 35بێوەژندا. سەرجەم پیاوەکان بوونە بەرپرسی خەرجکردن، لەبەرئەوە دەبوو دادپەروەر بوویتایە، بەڵام چۆن؟ یەکێك لەبێوەژنەکان کچەکەی نەخۆش بوو، یەکێکی دیکەیان دوو منداڵی هەبوو، سێیەمیشیان نەخۆش بوو، کرێی شوققەی دەدا و چوارەم بێوەژنیش خاوەنی 4منداڵ بوو. شەوان بێداردەبووم بیرم دەکردەوە:"بۆچی کەس فریو نادەم؟ بیرمەکردەوەو دەمژمارد، بەڵام نەمدەتوانی ئەوە بکەم. دواجاریش کارەکە بەدابەشکردنی پارەکە بەشێوەیەکی عادیلانەو بەپێی لیستەکە کۆتایی هات.

کوڕی راستەقینەم مۆزەخانەکە بوو: مۆزەخانەی چێرنۆبل. خۆڕاگرە. هەندێك جار پێموابوو هۆڵێکی تایبەت بە پرسەمان هەیە نەك مۆزەخانە و منیش لەلیژنەی تەرمەکاندا کاردەم. ئەم بەیانییە پاڵتۆکەم دانەکەند کاتێك ژنێك بەگریان هاتە لام ، ئەو نەدەگریا بەڵکو هاواریدەکرد:"میدالیاو بڕوانامەکانیشی بەرە!هەموو شتێك بەرە! هاوسەرەکەم دەوێتەوە!" بۆ ماوەیەکی زۆر بەوجۆرە هاواری دەکرد، پاشان میدالیاو بڕوانامەکانی بەجێهێشت، باشە کەوابوو لەمۆزەخانەکە هەڵدەگیرێن، بۆئەوەی نمایش بکرێن و خەڵکی ببینن، بەڵام گریانی ئەو ژنە جگە لەمن کەس دەیدەبیست، کاتێکیش بڕوانامەکان لەمۆزەخانەکە دادەنێم گریانی ئەوم بیردەکەوێتەوە.



ئێستا کۆلۆنێل یارۆشۆك لەسەر پێخەفی مەرگە، کیمیاناس دیاریکەری هاوکێشەکانە، ئەو تەندروستی وەك گا وابوو، بەڵام ئێستا لەسەرەمەرگدایە و ژنەکەشی وەك پشتییەك ماچیدەکات و بەکەوچکێك خواردن دەکات بەدەمیەوە. بەرد لە گورچیلەیدایەو پێویستە پاکبکرێنەوە، بەڵام پارەی ئەو جۆرە نەشتەرگەرییەمان نییە. ئێمە هەژارین و لەسەر ئەوە دەژین، کە خەڵك خێرمان پێدەکات. حکومەت وەك قەرزدەر مامەڵەدەکات و ئەم خەڵکانەی لەبیر چووەتەوە. کاتێکیش دەمرێت شەقامێك، یان قوتابخانەیەك، یان یەکەیەکی سەربازیی دەکەن بەناویەوە، بەڵام ئەوەش پاش مردنەکەی.

ئەی چی لەبارەی ئەو سەربازانەی لەسەر رووی کورە ئەتۆمییەکەی چێرنۆبل کاردەکەن؟ نزیکەی120 یەکەی سەربازیی لەناوچوون لەکاتی کارەساتەکەدا، کە دەکاتە نزیکەی 340هەزار کەس. ئەوانەی بەرپرس بوون لەخاوێنکردنەوەی رووی ئەو جێگەیە زیاد لەهەر کەسێکی تر گیرۆدەبوون، سەربای ئەوەی پۆشاکی دژە تیشکیان پۆشیبوو. ئەوان رۆژانە تەنیا بۆماوەی یەك خولەك و نیو تا 2خولەك دەمانەوە، پاشان دوور دەخرانەوەو هەریەکەشیان بڕی100رۆبڵ پاداشتدەکران و لەدەوربەری ئەو وڵاتە فراوانەمان بزردەبوون. لەسەر رووی چێرنوبل سوتەمەنی و رەساسی کورەکەیان کۆدەکردەوە، لەگەڵ پارچەی چیمەنتۆو کانزاکان. پڕکردنەوەی گالیسکەیەکی دەستی ماوەی 30چرکەی دەخایاند و 30چرکەی دیکەش بۆ رزگاربوون لەخاشاك و دوورخستنەوەی لەسەر رووی ئەو جێگەیە. هەریەکێك لەو گالیسکانە کێشەکەی نزیکەی 40کیلۆگرام بوو، ئیتر تۆ وێنای دەمامك و پۆشاکی لەتایبەتی لەبەرکراوو گالیسکەو خێرایی سەرشێتانە بکە.

**سەرچاوە: ئەلمەدا**



